


د.فەرهاد پیربال

# من پیاوێکی عەنتیکەم

شیعر

CamScanner

سرشناسه: پیربال، فرهاد، ۱۹۶۱ - م.

عنوان و نام پدیدآور: من پیاویکی عەنتیکەم/ فەرهاد پیربال.

مشخصات نشر: سنندج: کانی کتیب: شوان، ۱۳۹۶.

مشخصات ظاهری: ۶۲ ص.؛ ۲۱/۵×۱۴/۵ سم.

شابک: ۶-۱۶-۸۷۹۷-۶۰۰-۹۷۸

وضعیت فهرست نویسی: فیپا

یادداشت: کردی.

موضوع: شعر کردی -- قرن ۱۴

موضوع: ۲۰th century -- Kurdish poetry

رده بندی کنگره: ۱۳۹۶ ۸۶۴پ۷۴۳س/ PIR۳۲۵۶

رده بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱

شماره کتابشناسی ملی:۴۷۶۷۷۶۶

# من پیاوێکی عەنتیکەم

فەرهاد پیرباڵ

CamScanner

## من پیاوێکی عەنتیکەم

نووسەر: فەرهاد پیربال
پێداچوونەوە: عادڵ قادری
دیزاینی ناوەوە: ئەمیر نەحوی
دیزاینی رووبەرگ: شوعەیب مەکتەبداری
سەرەپەرشتی چاپ: سەروەت سۆهرابیفەر
بڵاوگە: کانی کتێب
نۆرەی چاپ: یەکەم ۱۳۹۷
ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە
نرخ: ۵۰۰۰ تمەن
شابەک: ۶-۱۶-۸۷۹۷-۶۰۰-۹۷۸
ناوەندی بڵاوکردنەوە: پێشانگای کەژاوەی کتێب ۰۹۱۸۹۳۳۳۶۳۱
کتێبی وەفایی @vafaeibook2

(١)

من پیاوێکی عەنتیکەم

دیت

لە خەونمدا

لەناو قەبرستانێک

بە شەو

تەنیا

دەسوورڕایەوە:

دەستی لەپشت

تەماشای

دڵی

ناو ئەم تاریکیە تایەی مرۆڤایەتی، لێ

بەر

دە

بۆ

و

ە

هەموو مردووەکانیشی دەتوانی بدیت!

کەس کەوتبا «کەسیان»
هەڵنەدەگرتەوە لەوێ
هیچ!

(٢)

پیاوێکی عەنتیکەم من لە خەوڤمدا
شیعرم بۆیە لە خەون دا!

پیاوێکی عەنتیکە بوو دیم من لە خەونم دا ڕۆژێک بۆیە
ژیان و ژن و ئەڤین،
شیعریش..

هەر کێ
بە خەونی خۆمی دانەدەم؛ نایێ!

بە خەونی خۆمیدا بدەم یان بە خەونم دابدرێ.. دێ
هەر کەس!

«خەون بەس!»؛ لە شیعرم دا..
ڕێی ترم: «هیچ»!

بە سیری بەردەم مار چوو هەرچی بە خەوڤمدا نەیویست بێتە ناو بیرم

(٣)

پیاوێکی زۆر عەنتیکەم من بەسەر دێ لە خەونمدا:
دەبم بە ڕۆژ
دەبینم
شەو
نیوە،
بێزار
لەو تاریکیە مۆرەی
حەزدەکا
لەبەر خۆی داکەنێ ڕووت
ڕووت بێتەوە بۆم تا
سێوی،
لیمۆی..
چەند جوان ئەی خودا!

ئەو پیاوە عەنتیکەیەم
بە «سەر» دێ: (بەرەو
پیری) دەچوو:
.. عەشق لێی دا!

لەو گۆمە
خۆی بشوا چووبوو پیر؛
شەوی تێکەوت!

شەوی هەرکە کەوتێ گۆمێك؛ پیر؛ ـ دەڵێن ـ
«تێیدا خۆی شوشت!».

شەو خۆی بشوا چووبوو لەو گۆمە؛ پیر
«تێ.. کەوت!»

شەو
کەوتبێتە گۆمێك ڕووت
چەند هەوەسبزوێن، ئەی خودا؛ ڕاستە کە دەڵێن:

پیری کەوتێ هەر گۆمێك
شەو تێیدا خۆی شوشت!

(۴)

جارێک پێی گوتم: وس بە! گوتم: بۆچی؟ گوتی»دەڵێم! چەندی مانگە ؟». ئیتر گووە بفت و گۆمان دەتگوت نیوی چوار مانگە دەمناسێت:

پیاوێکم چەند...

بۆیەش شیعرێک

حەزم عەنتیکە

بە شەو چووبام

دانیشتبام

لە ناو قەبرێك!





CamScanner

(٥)

شیعرێک ویستم بچمە ناو قەبرێک

پیاوێکی زۆر عەنتیکەم دیت چونکە

دەچووە ناو

«قەبرستانێک»

شەو

خواردمیەوە

بە خەونم

دا

چووبووە ناو قەبرم شەو

(٦)

پیاوێک، «زۆر بە عەنتیکەیی دەچووە ناو قەبرستانێک:

(بە خەوندا ..! «

دەهاتەوە).

واتە:

(بەناو خەونی خۆیدا

دەڕۆیشت تار

بژەنێ

تەبای

ناو دڵی، شت

تاریك

تاڵ

تەفرەدەر

حەقیقەت بەڵام

باغی بەختەوەر!

بریا بە وێدا جارێك ڕەتدەبووی، ئەی درۆزن!





CS CamScanner

(٧)

حەزدەکەم خەوێک شەو

بچمە ناو

قە بر

س

تا

نێ

ک:

بە تیلمەی واتای

تاڵ و تاری «شوێن»

لە تای تەرازووی (کات) تا

بنووسم:

زەمەن نیە، نامێنێ، نەما

هەستێکی خۆش

گەر لە دڵ گەڕا:

خەنجەرەوەش، تیژ

بە دڵیدا چەقیبم ئەمن

لە بەینی هەر هەشت کەزیەکانی هاتبتێمە دەرێ!

هەبوو شوێنیش واتای: نەما
بشبێ سبەی ڕەنگە: ڕۆیی؛
هەستێکی ناخۆش بتکوژێن ئەگەر
بەناو بەختی باخچەی تۆشدا!

سێ خەنجەر، یەکیان
زستانێکی سیبیریایی گەڕانەوەی بوو ناپلیۆن!
دووەم:
بەرخ بەرەو بەهارێك بێناز!
ئەوەی سێیەم
لە جەرگت بدرێ
لە هەر دوو ئاگری ناو چاوت بێتە دەر!

خەوێک حەزدەکەم شەو
لەگەڵ خۆم بەرمە بۆیە ناو
( قە بر س تا نێ ک ):
قەبری خۆمی پیشان بدەم تا!

شەو نیە خەو نەبین
دەست هەموو دەم
بە چراوە؛
شیعر نیە حەزنەکەم
نەچمە ناو قەبرستانێک بەناو شەودا!

«به ڕۆژ خەو بین «واتە (بەناو شیعری شەوبینمدا
زێڕوەشانت ڕێ
هەموو ناو شەومت، شت: شەیدا
شکم شەنگ
بەدبەختیم بەختەوەر
سەمای
حەقیقەت تۆ
بسووڕێیتەوە
بەناومدا
باخچەیەك
سەوز: بۆن تێمدا
سپی: نوستبن
تاڵ: ئاوی پیا بپرژێنن مار
میسك ماچ
عەبیر هەناسەی
بدرەوشێتەوە) ئەی شەو
ئەی من نەناس، ئەی تاریك
ئەی بە گۆڕی یەك یەك فرمێسکەکانی من خۆشویستنت!
ئەی بە ماڵی یەك یەك میوانە
پەشیمان
ە
ك

ا

ن

ت

!

بەناو هەستێکی خۆشدا بۆیە من هەر شەو
سوورڕامەوە و
خەون بوو هەر
لە شیعرم
دا!

شیعر من بۆیە
سەرگەردان دەسوورڕێمەوە بەناو شەودا!

کی عەنتیکە نیت تۆ زۆر
ت ئەگەر
ک «یەکجار.. زۆر! » بچێتە ناو قەبرستانێک
باوێک تەنیا و تەنیا بچێتە ناو (یەک قەبرستان)!
باوێک هەر هیچ هیچ، نەچێتە هیچ قەبرستانێک!
باوێکی تر هیچ هیچ نەچێ بە هیچ کونێکدا کەچی
ەموو کونێکیش - ببینن - بێتە دەر؛
کەس نەیدیبێ رۆژێک
لە قەبرستانێک
بچێتە ژوورەوە!

ن کەس بۆ من تێناگەم عەنتیکە نیم
ونی ژنێک ئەگەر من چووم
ین تابلۆ
ترێک هەڵبکێشم پێی خۆش!
تۆیەکم لە خەونی کچێک لەگەڵ من بووندا!
کم یان لە خەونی بۆ وەزیر نووسینی کارمەندێک
ۆژ نانیشی نەخواردبێ
ان!

ن تێناگەم؛ بۆ کەس تێمناگا: عەنتیکە نیە
حەقیقەتێکی زۆر گرنگ شەو
بێم لە خەونی تۆدا ببینم!
دڵداری خۆت یان گەر ببینیت
لە خەونم شەو)!

جارێک نەمزانی چووم شێرێکی زۆر توورەی بەندکراوی ناو قەفەزێکی
ئاسنینم لەناو خەونی منداڵێک دیت:
ترسا!

ڕۆژی دەیان پیاو
هەفتەی دووازدان
«ژنیش »
بێن
دەڕۆن
بە زەماوەند
پیر دەبن.. ئینجا
دەچنە ناو هەمان
ماڵی
هەم یەکەمی من کە تێی تێر ژیام
هەم ئاخیری تۆ.. لێی ترسای
ئەگەر:
خۆت ببینە لە خەونم شەو!

(٩)

خۆیان لێ دەبێتە بیست ئەوانەی بە هیچ کونێکدا ناچن کەچی
دوێنێ لە سەد کون سبەش لە سەد کونی دیکە هاکا
هاتنە دەر تا
بچنە بەر دەرکی «کونی ئاخیر»!

عەنتیکەیە ئەو قەبرستانە!
ئەوانەی گا، یەك بە یەك
بە موویان
ڕادەکێشن
عەشق
بۆ پارە
سیمکارتیان،
هەلیکۆپتەری باش یان
بە لەسەر حەق بوونی فڕۆکەوانەکەی
دەناسنەوە!

«عەنتیکە نین ؟!»





CamScanner

ئەوانەی یا
لە پاژی پازدەمی ئاپارتمانێک
فڕێیانبدەیتە خوار پێیان
خۆشتر:
نەك بدەیتە برسییەك بۆنان!

ئەوانەی شاخ دەڕنەوە، زێڕ
دەتوێننەوە، باخ
دەسووتێنن، تا
سەردانیان بکا سەفتەیەک دۆلار.

من پیاوێکی عەنتیکە هەرگیز نیم ئەگەر لە تابلۆیەکم (پیاوێک
بیەوێ «زۆر بە عەنتیکەیی»
یان «بە زۆر»
خۆی بچوێنێتە ناو ئەو کونە عەنتیکەیەی خۆی دەیەوێ! ).
ئەو پیاوە بە خۆیشی، هیچ عەنتیکە نیە:
بۆ خۆی (دەیەوێ بە زۆر
یان زۆر بە عەنتیکەیی
خۆی بچوێنێتە ناو ئەو کونە عەنتیکەیەی خۆی دەیەوێ،

تەواو! )

خۆی لەلا
پیاوێکی عەنتیکە بێ!

پیاوی وا هەیە لە ستۆکهۆڵم
پیاوێکی زۆر عەنتیکەش ببینێ
پێیشی هەر زۆر زۆر عەنتیکە بێ
حەتتا هەمووی ئەو پیاوە و
پێی عەنتیکەی ئەو پیاوەشت تۆ هەر
پێ عەنتیکە بێ،
هیچی پێ عەنتیکە نابێ!

چۆن بزانین چ شتێک کەی
چۆن
کوێی
تاکەی
لەلای کێ
بۆ

عەنتیکەیە؟

(١١)

پیاوێک ببینی: باشپەروەر

تەبای خوێ خێرۆمەند، خەونپاک

نەجیبزادە، لەسەر جادە

کەوتبێ

دەستی فەقیران بگرێ: بیانباتە لای وەزیر؛

دەستی وەزیران بدرێ:

هەر ئاوڕیشیان لێ نەداتەوە!

عەنتیکەیە ؟

ژنێک ببینی بڵێ: خۆم دەکوژم گەر نەمکوژی!

کوردێک بڵێ: نەدەبووم گەر هاوسێم عارەب!

چرایەک حاشا لە شەوقی خۆی!

شەوقێک شەڕی لە زەوقی هەستاوی خێر جوانتر!

شینێک شەویش نەبڕێتەوە!

شین شین هەڵگەڕێ شەیتان بە کورد
جوو بە شەیتان، لە پێکەنینان!
..
چەند جوانە لە دنیا وەک من تێ بگەی!
..
پێم خۆشە وەک من هەرگیز
نەتەوێ بتوانیت بزانیت چۆن «پێ دەگەی»!
:
تاکە نەعلێکی ڕەشی دڕاو
بەدەستەوە
سەرت لەناو جامی سەیارە هێبابێتە دەر، مەترێک
لە پایتەختێکی پەمەیی دوور،
پێکەنینی پاش بارانی خۆش: تەیری هوما بێ لەسەر سەرت
بنیشێتەوە-
لەناو هەلیکۆپتەرێکیش بووبیت بەو مەرجەی
لینگ بە حەواوە!؛
ئەوجا بشڵێی
هەولێر ناخۆشە
بەدەست بنەماڵەی بارزانییەوە!

هەولێر دەبینم لە خەونت شەو!

(١٢)

هەمووم شیعر، حەزم هەر شەو، لە خەونستانێک
تەنیا لە سەر قەبری یەک کەس گریابام
.. چیم بکردایە ؟!
پیاوێک حەز
بچمە ناو خەون:
نوور دەربهێنم
بچمە ناو شەو: شەڕ بۆن بکەم؛
ڕۆژ بدۆزمەوە بیپرژێنم
بە تاریکی و نیوە هەتاوان
کێ دەیوێرا بێتە دووم (نەک
لەگەڵم بێ) ؟

قسەم نەیدەوێرا بیبیستێ کەس!

خۆزگە عەنتیکە لە بەر چاوی خەڵک شیعرم هێندە نەبام !
سووچم چیە من:
بەوێدا تۆ تێ نەپەڕیت ; هیچ کەس نایە پێش تۆ بەوێدا!

وەفا
ئەوین
برا و برادەراتش تەنانەت باشبوون
واتاوان هیچ نەما چیتر
لە دووازدە و نیوی شەڕی ساڵی تازەی پێرارەوە:

چوار چەقۆ لەپشت دانی منت دی تۆش!
مەیتی لەسەر کوشتەی تۆم دی منیش
چۆنی دەکرد شین!
هەر پێمدەکرا بێم بە گۆڕی چاوە پڕ گریانەکەی شیعری خۆم بم لە
شەرمان!

عەنتیکە ؟
هیچ نەما لام
باکم نیە.. بەڵام ئەی خودایە؛ لە چ سەردەمێکی ترسنۆکدا

ژیام ئەمن!





CamScanner

(١٣)

گوێی لێ منداڵیم: «بیر عەنتیکە ئەدامسەن سەن!».
توومەس هەمان پیاو ، سەر و تەنک سپی سپی، دەیانگوت تورکمانە
هەندێ (عەشق لێی داوە!) دەیگوت یەکی تر،
کەسیش نەیدەزانی لە کوێیە
ئێواران
کاتێ دەچوو
بە دووای خۆیدا بگەڕێ
مەست و تەنیا
لە مەیخانان

دەنگی دەستی یار!

( ١٤ )

دەرگام کلیل کە دەدا دەچووم لە پێش دەرگام جێدەهێشت تۆپی:

«هەژارێک نەوەک

پێڵاوی پێم

بۆی ببێ بێ..!».

لە خۆم پیاوێکی جارێك عەنتیکە زۆرترم

لە مەیدانی گەردوگوڵی کرێکارە ناشتاکان

_ ئێوارەیەکی برسی و بریندار بە کۆڵەوە_ .. دیت:

تەماشای تایە تادارەکانی پیکابی گوند گەیشتنان

کە تەماتە و تەڕەتیزە و تەرۆزی و توور و تووی بادینانی، تازە

بە شەقامی چێشتەنگاوی

مەست بە بیرەی پاش خۆپیشاندانی

دوێینی لە سەر حەق

دەناساند

دوکان بە دوکان

_ بەیانی باش!

من عەنتیکەیەکی زۆر پیاوتریشم
لەو مەیدانە ماندووە بوڵێڵەدا
دوو گڵۆپ
دوور
دوور
دت

دوو دڵۆپ
خوێن

دڵی دادوەرێکی پێڵاو سووریان

لە سەر قەیتانە سپییەکانم

پێ پیشان دا.

عەنتیکەم پێ هات!

(١٥)

من پیاوێکی عەنتیکەم

حەتتا چاو تاریک دەکا دووکەڵ

- دین

داو

دەرمانی ڕزیو

دەمانچە

دەرد

دانە پاش دیلی

دڵپیسی

جەنتای دیبلۆ ماسی

داوێنپیسی

گەندەڵی دەوام، دەرس

دائیرە.. تا حکوومەت

لە خەڵک تەرک نەکا ئەمن

تەرکی دنیا هەرگیز ناکەم «دەیگوت!»،
ناسی..!

پەنجەیەک پەمبە
ئەوەی تر مۆر
پەنجەیەک پیس بە شینی تۆخ
ئەوەی تر برسی
ئەوەی تر ئاوارەی ناو سیلی بۆی بەدبەختە بێ پەنجەرەکان
ئاوی حەمامی گەرمیان نەماو بۆ شۆردنی سەریان بە ملدا،
پەنجەی دیکەشی هەر یەک
لە ڕەنگی ڕاچەنیوی بەڵایەك
ڕاکردوو - بەناو ژیاندا
قژی بژی
ئاوازێکی نای ناوێزە .. ئەو پیاوە
لەناو تۆپەڵە تاریکییەک، تادار، تاوتاو
شەقامی شاری بە نووسینی درەخشانی ئەلفابێییەک
ـ خۆر نەبێ کەس تێی نەگەیی ـ
هێنابووە سەر
خولیای خوێندنەوەی خەونی
«خۆی -
لەسەر دیوارێک»
هیچیشی لە سەر نەنوسرابوو؛ بە هەموو
مێژووی مات و ماندووی مرۆڤ کەچی

قا قا

قوو  قوو

گاڵتەی دەهات؛

بەم دنیا سەیر و  سەفیل و سوێرە

بە «مرۆڤ»

بە بەهای (بیر)

بە بەختەوەری

وەك بڵێی بێهوودە بێهوودە پێکەنینی دەهات

لەو دنیا دوور  و دێرینەوە

ئادەم!





CamScanner

(١٦)

له مژاری (چۆن خۆم بووم) و
له (تۆ لەناو من نەبوونم)دا و
له (ئەو لەناو خەڵکی تر بوون)م
دا:
له سەردەمی خۆت بده مۆرت! خۆت به!
هونەر نواندن لەناو کۆمەڵێک گاش
که یەک یەک قۆچیان
بەسەر باڵەخانەی بەنی ئادەم دروستیان کرد هەڵگەڕام
بەناو زبڵخانەکانی دادپەروەریدا
تا ناو حەوشەی سپی و پرسیار پەمبەی
ڕۆژمانەمووسه کۆک، کراس به ڕەنگی ڕۆحی ڕەنگینم
نەوەک پیس ببێکان!

تا نهۆمی سەری هەره سەرەوەی هوتێلەکانی ژن پێیان خۆش
سەرکەوتم
تا له پەنجەرەی شەوی ماندووی ست فاتیمەوه
پێش ئەوەی بگریم، بێدەنگ،
شەوی خوارەوەی شار تەماشا:

چ زەلالەتێک  زەواج!
چ ئابڕووچوونێک وەفا
چ کارەسات و درۆیەک - نەختێک بڵندتر ئەگەر لە ئینسان
لە ئاستی ڕووی ڕەشی ڕاستییەوە
سەیری..
گورگ و مەیموون
دێلە سەگ و دێو
چەند جوانتر
لە بەیبوون
لە شەهلا
لە باخان..

ئاهونالین دێ!

(١٧)

من پیاوێکی زۆر عەنتیکەم.

لە خەونم:

گا

گامێش

لەناو زۆنگاوێک

گرەزەردە

پیشانیان پیستر دەدا پێشوولە:

بەدەوری دەم و قەپۆزیانەوە

شیلە، لیکاو

هەتاوێکی برسی، ماندووی لێ

داچۆڕاو

تک

تک

بۆ ناو زەلکاوی زەبوونیی

زەرد

زەرد

گەرما

گەرمای بوو باشوور
بەتانییەیەکی عەسکەریی شڕ
بە گوللەی جەنگێکی کەودەن کونکون
لە سەربازێکی ئەسمەری عارەب
وەرپێچراو
لەسەر چەمچەی تاکسیەکی نارنجی مەیتی؛
لەسەری نووسراو:
مات جبانا

هاربا من خدمه العسکریه!

(١٨)

خۆمتر شیعرم

هەر هێشوویەک لێم وشی پڕی خۆم!

هەر توێشوویەک وشە وشەی لێم عەنتیکە

پیت پیت دەمخستنە بارێک

سەد باران لێ بۆت تا بگۆڕم

سەد جاریان لێم تێ تا بنۆڕی

سەد جاریشیانت

لێ نۆڕین بێی

ببینی: لێو

جوانتر چەند لەچاو

گوێ؟

بسک سەری کێی بانەدا؟

پەنجە کێ نەیویست، گازێکی؟

برۆ لەسەر چیی چاوە؟

گوێ کەی دەداتێ دڵی؟

دەست سەری

کێی نەخوارد؟





CamScanner

لووت چیی سەرە؟
بۆن بۆ دەکا برژانگم
بازن و بەهێ و بەیداغی بەژنت بەوێدا بێن ئەگەر؟!

دڵدز

دڵدز،

دڵدز و دڵدزراوەکان:

هەبوو سەری خۆی خوراند: لە جیاتی پشتی پێی یاری.
هەشبوو گوتی: من
لە هەموو شوێنێکم زیاتر جەور، جەفای بە سەر
هێنابم چاوە!

عەنتیکە من پێم نا
هەرگیز
هیچ
حەکایەتی
دڵ و
دڵدز و

.. دڵدزراوەکان!

(١٩)

خۆمتر شەوان

شیعریش دیتی:

ژیام ئەمن!

لە پێش چاوی ژێر برۆی هەموو تەنیشت سەوز و

سەرەوەی چاوی ژێر لووت عەنتیکەیەک عەنتیکەتر

ژیانم لەبنە خۆم نا چووم «جەسارەت عەنتیکە»

لە شیعرم دا

لە ژیان

لە زمان هەم

هەم لە دڵی هونەرم دا

هەم لە دەریای خۆشم درا چونکە تیری

ئەو کەسانەی

نەهات لێیان وەفای من!

..هەشتاوهەشتم چاویش لەدوو

بە کەس نە دەهات

نە دەچوو

زۆر عەنتیکە

حــەتــــا زمانم!

(٢٠)

هەمووتانم زووخاو زووخاو پیت

هەمووتانم زووخاو زووخاو پیت

یەک یەکتانم ژەهر ژەهر ژێ

وڵاتتانم

ڕووخاو ڕووخاو ڕێ

دەمار دەمار دڵم

دادەچۆڕا لێی

دەردێك

دنیادیدە

یەک یەک واقیان

لە خوێواوکی خەونم وڕ

لە شێوازی خەونم بە رستەوەش تا:

هیشك نەبنەوە

لە دەست

زەوقی ئێوە

لە ترسان!

(٢١)

وڵات منی دینتر لە خۆم

ئاوازی

سەر

دەمی تۆ؛

هەمووم من

دینتر لە تۆ

ئاوازی سەردەمی خۆم!



CamScanner

(۲۲)

خەتم خۆمترا!

بمتوانیبا خـەت خـەت بزانـم چـۆن بێمـە بارێـک تـا بشـێم بتبینـم باشی: دەبوایـە هەمبوایـە هەمـوو ئـەو حەڕفـە تـاج و تەریـب و تـەڕ و وشـك پێکـەوە تەوسـاوییانەت بەنـاو تـرێ و تـۆ و تـەم و تـار و تـەوار و ئـەم و ئـەو و بـا دا..

هەمیشە (هەی، وەك

جامی جەم خۆم) بەدەستانەوە؛!

تا بەردی ئەلحەدیش بەڵام

نەمهێشت هەرگیز تێم بگا کەس

له عەشقی تۆ

چۆن بوو نەسووتام!؟





CamScanner

(٢٣)

( تێ )ی (تاج) تۆ
قەڵب کەوە بۆ ( نێ )
( تێ ) بۆ ( تێمەنێ ) نا
بۆ ( نێ )!

چ گەمەیەکم من هەی هەی ئەی خودا
بە کوێی عەقڵی کێدا، کەی نەکرد
نەشچووم چۆن
چەند
ئـەم میللەتـەم کەیفـی عەنتیکـە و قـۆڕ بـە شـتی خـۆی بـە
عەنتیکەتریـش: «شـیعری مـن»
دەهات لەگەڵ زەوقیان کە
دەچوو
نەدەهاتەوە
چەپی لە ڕاستم
ڕاستم لە چەپی (هیچی سەردەم کەچی )
ڕاستیش لە خواری
بۆیە
ترسنۆك لە ڕاستم!

ڕاستگۆیی، من
لە دایکم
دەمم لە باوکم
ڕووم لە خەڵک
چاوم لە پشتی سەرم
برۆی برام لەسەر چاوی بابت دانێی، نایە
سپی لە سوور
فێر بوو چۆن جوان
زەرد لە شین فێر بوو چەند
مۆر لە نارنجی
سەوز لە ڕەش دێ
لە زەرد نا؛ تێ
لە تۆ جوان دەهات
بێ
من
بەڵام!

( خێ ) بەرەو من
بە ناو ژمارە و پیت و پەتیارەکاندا ڕۆژ
چەند جوانتر
دەهات و دەچوو
شەویش
بەناو ڤێرگۆڵ و دارستانی دەرد و هەوەس و پەیڤەکاندا

زۆر جار دەگەیشتە گوێی قامووسێکی دراوسێ دەنگی
شەڕم لەگەڵ واژان، یان
تێک گیرانم
لەگەڵ ناوقەدی کەمەرشلێک
لەسەر سیسەمێکی لەق و تەق:

ڕووت و قووت!

(٢٤)

سوپاس بۆ خێری ئەو خەنجەرەی خوێنی منی لە خەونی پشتی پاکم
چەقاند!

کە دەمگوت هەڵدەستمەوە حەزم: پارچە پەمبەییە پاکەکانم لات
پۆخڵەوات بن، بێی
بە پێی پیست
بیان.. پلی.. شێ.. نی.. تەوە!

گوڵ لەژێر پێی پیسی تۆدا دەمی بەس
خەون
ماچ،
ئەی پاک لە منتر
منی خۆت بە؛ ئەی وەی نوێ
منتر
لە من منتر بە

لە منیش بە؛
لەسەر حەق بووی: ناش ئەگەر!

(٢٥)

تەماشا:

پاش ئەوەی من تاجم لەژێر پێی تۆ  فڕێدا وەک سەگ;

چۆن بوومە خۆم!

تەماشا:

پاش ئەوەی تاجت تۆ لە ژێر پێی سەگ فڕێدا - وەک من،

چۆن

.. بوویتەوە

«بە خۆت!»

تەماشا:

پاش ئەوەی تاجی لە ژێر پێی منی (وەک سەگ) فڕێ دا «ئەم»

چۆن کەوتەوە:

سەر پێی هەر ئەم، «ئەویش!» ؟

توانام هەس تەورداسێک .. لە ژێر پێی پاشایەک فڕێ:

ببێتە باڵی تەیرێک لە تۆ!

حەرفێک بۆ سەگ هەڵبدەم، وابزانێ ئێسقان بوو لام!

جەللادێک جەهەننەم چۆن دەیسووتێنێ چق چق

وا لێ بکەم لەپێش پێشچاوت:
ئەو تۆی چۆن تا تا
_ ئەگەر تۆی دیبا کە من دەتوانم پشیلە بدوێنم _؛
دەسووتاند!

لە ناوچاوی: پڵنگێک ببینم پێم پێنەکەنێ
سەرسام بەڵام
بڵێ:
«ئەو پیاوەم، من ئەرێ
لە کوێ دیوە پێشتر ؟!»

شێریش من مشەوەش دەتوانم بکەم: باوێشک بدا بێ
خۆی لە بیر
باوێتە
بەردەمم
پلە گۆشتێکی پێش خۆی لە شەرمان، لێم
بپرسێ:
«خەڵکی کوێی تۆ کوڕی شیرینم ؟

من دەتوانم پیاوێکی عەنتیکە ببینم
بێئەوەی هەشبێ!

هەبێ:
بێ ئەوەی دیار!

دیار:
بێ ئەوەی خۆی بێ!
بێ ئەوەی خۆی بێ بچێ بنیادەمێک لەباتی خۆی بنێرێ بەشقەم
بتوانێ حەزبکا ببینێ (چۆن) بە غەیری خۆی ئاخۆ خەڵکی تر هەن
بوێرن بێن بتوانن ببینن (ئەو) چۆن زەندەقی تا ئێستا نەچووە،
ناشچێ، نەشدەچوو؛ بە چاوی خۆی کە دەیدی:
پیاوێک
ڕووت و قووت
ئێسقان ئێسقان عەنتیکە
بێزار بێزار،
لە مرۆڤ تەنیا،
لە قەبرستانێک دێتە دەرەوە:
«ئۆف..
بۆ هەر کوێیەک بێ دەچم!»
بە لای ڕاست نا، بە لای چەپ نا، بەرەو بەس خۆی
ڕێک و ڕاست
بڕوا
بە یەکجاری
تا هەتایە
نەگەڕێتەوە

وەک من کە هەردەم
حەزم نێمەوە
ئەم دنیایە

جارێکی تر!





CamScanner

(٢٦)

من «پیاوێکی عەنتیکە» بە عەنتیکە نازانم،
پیاوێک زۆر عەنتیکەش بێت بە عەنتیکەی نازانم:
پیاوێک عەنتیکە نەبێ
بە عەنتیکەی دەزانم.

خەوێک من
بە ڕۆژیش بێ حەز
بچمە ناو شەوێک:

قەبرستان!

(٢٧)

وەک من خۆت پێ باش

وەک ئەو خۆ پێ زۆر خراپ

خۆت لەسەرت مەشێوێنە:

هەیە هەموو باشییەکی پێ ناخۆش

هەیە هەموو خراپییەکی پێ خۆش

هەشە هەموو خۆشییەکی پێ باش

هەشە هەموو پێناخۆشبوونێکی پێ زۆر زۆر خۆش!

ئینجا تۆش

سەرت بچێ دەستت تێی ناچێ

هێند داوێن پاک قەڵەمت

دژی دز

بژی با

چونکە زیخ

لەسەری

لادەبا

ئەگەر لەسەر قوڕ بنووسیت: (نووسین).

شیری خۆی لە خوێنی هەم دایکی پێ پاک تر ئەو
هەم سەری مێردی لە شیری دایکی من پێ حەڵاڵ تر
پاک
ویژداندار
دادپەروەر
لە مافی خەڵک بەرگریکەر
بێعەقڵ
ئیماندار
حاجی
بێئەخلاق
خێرۆمەند
هەمو کەسێکی لێیە قەبرستان
نەجیبزادە
لەسەر جادە کەوتبوو لێرە
یازدانی تر
ئەوانەی جەڵدەیان لە حەق هەڵدەدا
ئەوانەی نەچوونە حەج ببینن ژیان لێرە چەند خۆشتریش..!
.. من هەر دەبێ شەوێک
هیچ نەبێ هێندەی خەوێک
قەبرستانێک بێتە ناوم!

ئەم لە کوێ بوو پێشتر؟ باکم نیە.
بەرەو کێ دەچوو دیبای؟ باکم نیە.

بۆ دژی یەکتر ئەم لەسەر چی
کوژرا
بۆچی
ئەو بۆ خۆی کوشت، سووتا
ئەمیان تەنیا یەک گوللەی لەو دا
ئەمیان پارەی کرێی دوو ساڵ کرێکار کۆمپانیا
خوارد
ئەویان: ژنی خۆی کولاندبوو!

ملیۆن هۆکار
هەزار هیوا
مەبەست
لەژێر گڵ
لەسەر دەمی
ئادەم
ئیمزا:
مرۆفایەتی جەنگەڵێکە

من ڕۆژێک هەر دەبێ بچمە ناو قەبرستانێک!





CS CamScanner

( ٢٨ )

تۆ وێنەی چەند ژەنەڕاڵت، تەنیا
لە سەردانی خیانەت و خەونی ناخۆش دیت گەڕانەوە؟
چەندانت تابلۆ هەرگیز حەزیان نا
ئاوڕ لە ڕەنگەکانی خۆشیان!
..
هەرچی بەد بۆنیان بەهاران ژن چەند ؟!

هەرچی تاڵ تامیان تێر تێر پیاو بۆ ؟

هەرچی حەڕام حەڵاڵیان کێ ؟

چیان بەسەر، هاوڕێ
ئەو هەموو وێنە شەنگ و شار لەسەر شانانەی
مرۆڤ
ڕووناکی و قاپ و تۆپی ڕیشە
بە ڕەسمی مامەڕیشەشەوە
بە دۆمینە و کەبابی شەقامی کاوە و یاسینە فەندیشەوە لەسەر شان
بەرەو سەیران

بەرەو هاوینەهەوارەکانی کوولەکە
تۆخم شکاندن
لای تاڤگەکان (راوەستان) وێنەگرتنی
.. ( چاو ) ..
بۆ لە پێشمان ڕەش ؟
..
چۆن هەر لەتەنیشت (بەرامبەر هەر) یەک:
چەند کوڕ بە حەسرەت بینینی «خوشکی»!
بۆ باب بەناو
بەڵا و
بەدی و
بادەخۆری
.. دا .. ؟ ؛

چەند کچ کەی لەناو کەچیی باخچان
زەندەقیان نەچوو لە برسان!؟

هاوڕێم
چیمان بەسەر نەدی
( بە چاوی خۆمان!):
لەم سەردەمە دڵ و دەم و دین ناسکە؛ دڵ
لە دەمی منەوە دەنگی دایەوە!





CamScanner

خۆزگەم بە چاو بۆ بنێرە!
چیمان بە چاو
نەچوو:
بەسەر هات
بۆ هەرچی ویستمان
کردمان!

بە چاوی خۆمان
لەم سەردەمە بە «دڵ» چووین
بێ سەر
هاتینەوە!
...
لەسەر دەمی من دڵ دڵی بە بەردا کرایەوە دین!
لەسەردەمی پێش من دڵ دینی نەبوو بتداتێ؛
لەسەر دەمی خۆم دینم بە دڵتدا کردەوە!

لەسەر دەمی دڵ و دینی من هەر تۆ
لەسەر دەم و دین و دلی تۆ هەر من!
لەسەر دەمم: «دڵت ، دڵت، دڵت» هەر من!

لەسەر دەم و دینی دڵی من هەر تۆ!
لەسەر بەرهەمی من هەموو تۆ
لەبەر دڵی من بەس تۆ



CamScanner

نەهاتیت
بتدەمێ!

لە سەر دەمی دڵ و دینی من هەر تۆ
دەهاتیت!
...
لەم سەردەمە دڵ و دەم و دین ناسکە، من: هیچ
قەبرستانێکم نەدیت، خوێنی
ئەو هەموو جەنگانەی مرۆڤی
بۆ دڕکی سەر قەبرەکانی خۆی
نەگێڕابێتەوە!

ئەرێ تۆ باوەڕت ماوە _ بە ڕاستی
کە شتێک ئیتر لەم دنیایە
مابێت

عەنتیکە!؟





CamScanner

( ٢٩ )

پیاوێک، «زۆر بە عەنتیکەیی دەچووە ناو قەبرستانێک:
(بە خەوندا ..! «
دەهاتەوە).

من پیاوێکی عەنتیکەم
دیت
لە خەونمدا
(لەناو قەبرستانێک)
بە شەو
تەنیا
دەسوورایەوە:
دەستی لەپشت

موو بە مووت هەمووت جەهەننەم گەڕا لەپێناوم
موو بە مووم کەچی بەهەشت سووتاندی
هەمووم.

هاوڕێیەک دەیگوت: ان زیاده المقابر فی العالم
هی اروع ما اراه انا فی الوجود!
و ان زیاره المقابر فی طهران و انقره
تماما مثل (زیارة المخافر)
تاتی من کثرة المناورات المشبوهة تحت الاشجار!





CamScanner

د.فەرهاد پیربالّ

# من پیاویکی عەنتیکەم

شیعر

هەمووتانم زووخاو زووخاو بیت
یەکیەکتانم ژەهر ژەهر ژی
ولاتتانم رووخاو رووخاو ری

.......................................

دەمار دەمار دلم
دادەچوڕا لێی
دەردێک
دنیادیدە
یەکیەک واقیان
لە خوێناوکی خەونم ور
لە شێوازی خەونم بە ڕستەوەش تا
هیشک نەبنەوە
لە دەست
زەوقی ئێوە
لە ترسان!

ISBN: ۹۷۸-۶۰۰-۸۷۹۷-۱۶-۶
9 786008 797166

کانی کتێب

نرخ: ۵۰۰۰ تمەن